

# منداڵانی لە مۆم دروستکراو

- Southern African Folktale
- Wiehan de Jager
- Agri Afshin
- kurdisk (sorani)
- nivå 2



ڕۆژێك لە ڕۆژان خێزانێکی بەختەوەر هەبوون.



ئەوان هیچ کات پێکەوە کێشەیان نەبوو. منداڵەکان یارمەتی دایك و باوکیان دەدا، هەم لە کاری ماڵەوە هەم لە کاری کێڵگەش.



بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی نزیکی ئاگر بکەونەوە.



ئەوان دەبوایە هەموو کارەکانیان لە تاریکایی شەودا ئەنجام دابا، چونکە ئەوان لە مۆم دروست کرابوون!



کەچی یەکێك لە کوڕەکان ئارەزووی ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ڕووناکدا بچێتە دەرەوە.



ڕۆژێکیان چیتر خۆی پێ ڕانەگیرا. براکانی ئاگاداریان کردەوە که نەچێتە دەرەوە.

بەڵام ئیتر زۆر درەنگ ببوو! ئەو لەبەر گەرمای خۆرەکە توایەوە.





منداڵە مۆمییەکان زۆر خەمبار بوون لەوەی کە براکەیان بینی دەتوایەوە.



بەڵام ئەوان پلانێکیان هەبوو. ئەوان لە مۆمە تواوەکە
پەیکەری باڵندەیەکیان دروست کرد.



ئەوان براکەیان کە لەسەر شێوەی باڵندە دروست کردبوو،
بردە سەر لوتکەی چیایەکی بەرز.



کاتێ کە خۆر هەڵات، براکەیان بەدەم گۆرانیگوتنەوە لەگەڵ ڕووناکیی بەیانیدا فڕی.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## منداڵانی له مۆم دروستکراو

Skrevet av: Southern African Folktale
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.